# لێکەوتە نەرێنیەکانی جینۆساید لەسەر ڕەوشی شارستانی باشوری کوردستان (١٩٨٣-١٩٨٨)

(توێژینەوەیەکی مێژوویی- کۆمەڵایەتییە)

**م.د.ڕێواس فتاح محمد صاڵح**
بەڕیوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی/ ڕۆژئاوا
rewas.fatah@spu.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتن : ٢٠-٤-٢٠٢٤    ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە ٢٠-٥-٢٠٢٤

**پوختە**

جینۆساید بە یەکێک لە دڕندانەترین و مەترسیدارترین تاوان دادەنرێت، کە ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد لە باشوری کوردستان ئەنجامیداوە، لێکەوتە و دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم تاوانە گەورەیە کاریگەری قوڵ و درێژمەودای لەسەر کۆمەڵگەی باشوری کوردستان بەجێهێشتووە بەجۆرێک ئاکامە نەرێنییەکانی لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ژینگەیی و مێژوویی و شارستانییەوە هێشتا بەردەوامی هەیە. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر لێکەوتە خراپەکانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لەسەر ڕەوشی شارستانی، کە نەک تەنها خەڵکی کوردستان بەڵکو خاکەکەشی کردووە بەئامانج و بووە بەهۆی کۆمەڵکوژی دانیشتوان و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و شێواندنی مێژوو و زمان و فەرهەنگ و کەلتوری کوردی بەجۆرێک لەسەر ئاستی ئاوەدانی و شارستانی باشوری کوردستان بەخراپی ڕەنگدانەوەی هەبووە.

ئەم توێژینەوە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم: تایبەتە بەجینۆسایدی جەستەیی و بایلۆژی و کاریگەرییەکانیان لەسەر ڕەوشی شارستانی باشوری کوردستان لەماوەی ساڵانی(١٩٨٣-١٩٨٨)  تەوەری دووەم: لێکەوتەکانی جینۆسایدی ئابووری لەباشوری کوردستان باس دەکات. تەوەری سێیەم: لەسەر جینۆسایدی کەلتوری و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی باشوری کوردستان دەدوێت. لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو کەئەم توێژینەوە پێیگەیشتووە.

کلیلە وشە: ( جینۆساید، ئەنفال، کیمیاباران، باشوری کوردستان، ڕەوشی شارستانی).

**پێشەکی:**

ڕژێمی بەعس بە درێژای ماوەی فەرمانڕەواییان لە عێراق دژی مافەکانی گەلی کورد وەستاونەتەوە و هەوڵیانداوە بە پیادەکردنی سیاسەتی سەرکوتکاری و کوشتن و بڕین ڕووبەڕووی خواست و داواکارییە نەتەوەییەکانی ببنەوە و لەو چوارچێوەیەشدا لەماوەی ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٨ ترسناکترین سیاسەتیان بۆ قڕکردنی کورد و تواندنەوەی لەنێو عێراقی عەرەبیدا، کە سیاسەتی جینۆساید و پاکتاوکردنی ڕەگەزی وەک جینۆسایدی (جەستەیی و فیزیکی، بایلۆژی، ئابووری وکەلتورییە) پەیڕەو کردووە.

سیاسەتی قڕکردنی بەکۆمەڵی کورد لەساڵی ١٩٨٣ بە گرتن و شوێنبزرکردنی نزیکەی (٨ هەزار) بارزانی دەستی پێکردووەو بە ئەنفالکردنی (١٨٢هەزار) خەڵکی سڤیلی ناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستان و کیمیابارانکردن و کۆمەڵکوژی نزیکەی (٥٠٠٠ کەس) لە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە  لەساڵی ١٩٨٨ درێژەی کێشاوە، کە ئەمەش بۆ سەر ژمارەی دانیشتوان و ژێرخانی ئابووری و ڕەوشی کەلتوری و فەرهەنگی زیانی گەورەی لێکەوتوەتەوە و بەخراپی لەسەر ڕەوشی شارستانی باشوری کوردستان ڕەنگیداوەتەوە.

باشوری کوردستان لەو ماوەیەدا جگەلەوەی بەهۆی کۆمەڵکوژییەوە ژمارەی دانیشتوانی کەمیکردبوو تووشی لێکهەڵوەشاندنەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی بوەتەوە و چەندین دیاردەی ناشایستە و نامۆ بە نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بڵاوبوەتەوە، لەڕووی ئابووریشەوە جگە لە کەمبوونەوەی دەستیکار و پیادەکردنی سیاسەتی برسیکردن، بەهۆی کاولکردنی نزیکەی (٥٠٠٠ گوند ) و لەناوبردنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان و ڕەز و باخ و کانی سەرچاوەکانی ئاو، بەتاڵانبردنی سامانی ئاژەڵ، پەیڕەوکردنی سیاسەتی زەوی سوتێنراو گواستنەوەی خەڵکی ئەو گوندانەی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال نەکەوتبوون بۆ کۆمەڵگەی زۆرەملێ وگۆڕینیان لە تاکێکی بەرهەمهێنەوە بۆ بێکار و بەکاربەر ژێرخانی ئابووری داتەپاندووە، هەروەها جینۆسایدی کەلتوری، لەڕێگەی تەختکردنی ناوەندەکانی خوێندن و مزگەوت و پەرستگا و قەڵا دێرینەکان، کە ناسنامەی مێژوویی و شارستانی دانیشتوانی ناوچەکە بوون، سنوردارکردنی چالاکییە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکان بە زمانی کوردی و چاودێریکردنی ڕۆشنبیران و زیندانی کردنیان یان ڕێگریکردن لە کرانەوەی کەلتور و فەرهەنگی کوردی بەڕووی دونیای دەرەوەدا پیادەکردووە. هەموو ئەوانەی باسکراوە لەڕووی مێژوویی و شارستانییەوە لێکەوتەی خراپی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەجێهێشتووە.

**گرنگی توێژینەوە :**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بەپشت بەستن بە سەرچاوەی زانستی باس لەسەردەمێکی هەستیار لە مێژووی کورد لە باشوری کوردستان دەکات، کە بەهۆی سیاسەتی جینۆسایدەوە کۆمەڵگەی کوردی توشی چەندین کارەسات و نەهامەتی گەورە بوەتەوە و دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی زۆر بەخراپی بۆ سەر ڕەوشی شارستانی باشوری کوردستان کاریگەرییان بەجێهێشتووە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوە دەرهاویشتە و لێکەوتە خراپەکانی سیاسەتی جینۆساید لەسەر ڕەوشی شارستانی کۆمەڵگەی کوردی لە باشوری کوردستان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٣- ١٩٨٨) دەخاتەڕوو، هەرچەندە لەسەر جینۆساید بەهەموو جۆرەکانییەوە توێژینەوەی زۆر نوسراوە، بەڵام ئەم توێژینەوە جیاواز لە باسی فاکتەر و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە تاوانکارییە گرنگی بەو میکانیزمانە دەدات، کە کاریگەریی بۆ سەر ڕەوشی شارستانی دروستکردووە و دەرخستنی زانیاری پەیوەست بە بابەتەکە دیوێکی کاریگەری پرسی جینۆساید لە باشوری کوردستان دەخاتەڕوو، کە خزمەت بە مێژووی شارستانی و توێژەرانی بوارەکە دەکات .

**میتۆدی توێژینەوەکە :**

لەم تویژینەوەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی وەسفی و شیکاری بەکارهێنراوە، کە پشت بە تێڕامان و وردبوونەوە لە زانیاری نێو سەرچاوەکان دەبەستێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە شیکردنەوەی بابەتیانە بۆ زانیارییەکان کراوە و لەهەندێک شوێندا شێوازی هەڵهێنجان پەیڕەوکراوە .

**ناوەڕۆکی توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە پێکهاتووە. **تەوەری یەکەم** : جینۆسایدی جەستەی و بایلۆژی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوشی شارستانی باشوری کوردستان. خراوەتەڕوو **تەوەری دووەم**: دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی جینۆسایدی ئابووری لە باشوری کوردستان لە (١٩٨٣-١٩٨٨) باس کراوە. **تەوەری سێیەم**: جینۆسایدی کەلتوری وکاریگەرییەکانی لەسەر باشوری لە(١٩٨٣-١٩٨٨) خراوەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم: جینۆسایدی جەستەیی و بایلۆژی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوشی شارستانی باشوری کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٨)**

زاراوەی (Genocied) جینۆساید لەڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێکهاتووە، (Genos) وشەیەکی گریکییە و بە واتای ڕەگەز یان بنەچە دێت،(Cider) وشەیەکی لاتینیە و بە واتای فەوتاندن و کوشتن یان پاکتاوکردن دێت، هەردوو وشەکەش پێکەوە واتای (فەوتاندنی بنەچە یان پاکتاوکردنی ڕەگەزی) دەگەیەنێت (گوڵ، ٢٠١٠: ٢١). (جینۆساید یان کۆمەڵکوژی تاوانێکی دڕندانەی ترسناکە دژی مرۆڤایەتی و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە، بۆیە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپشت بەستن بە بەندی شەشەمی دەستوری دادگای نورنبێرگ دەڵێت: (جینۆساید ، واتە ڕەتکردنەوەی مافی بوونی سەرجەمی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی، ژیانێکی قەرەبوو نەبووە دروستدەکات، کە سەرجەم کەلتوری شارستانی کۆمەڵی مرۆیی دادەماڵێت و دژی یاسای ڕەوشت و ناوەڕۆک و مەبەستی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەوستێت). وەرگیراوە لە (گوڵ، ٢٠١٠: ٢١).



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

جینۆساید تەنها تێکشاندنی خێرای گروپێکی (نەتەوەیی، ئیتنیکی، نەژادی یان ئاینیی) نییە، بەڵکو پلانێکی گشتگیری فرەڕەهەندی کردارییە و بناغە و بنچینە سەرەکییەکانی گروپێکی دیاریکراو سەرلەبەر هەڵدەوشێنێت جینۆساید، بریتییە لە تێکشاندن و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی سیاسی وکۆمەڵایەتی و (Stone, 2005:539) کەلتوری و زمان و هەستی نەتەوایەتی و ئاینیی گروپە نەتەوەییەکان و ئاوێتەبوونیان، هەروەها لەسەرئاستی تاک دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئاسایشی کەسی و ئازادی و تەندروستی و شکۆمەندی، ژیانی شەرەفمەندانەی ئەو تاکانەی سەربەم گروپانەن تێکدەشکێنێت (Lemkin, 1944:12).

جینۆساید چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە، جگە لە کوشتن و قڕکردنی مرۆڤ هەر ڕەفتار و سیاسەتێک ببێت بەهۆی چەوساندنەوە و ستەمکاری بەجینۆساید دادەنرێت، ئەمەش چەندین شێوازی جیاواز لەخۆدەگرێت لەوانە: جینۆسایدی (فیزیکی یان جەستەیی، بایلۆژی، ئابووری، کەلتوری). جینۆسایدی فیزیکی بریتییە لە کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ چ گوللەبارانکردن بێت یان کۆمەڵکوژی و لەسێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی لەکاتی کردە سەربازییەکاندا (هەروتی، ٢٠١٢: ١١). دروستکردنی تەگەرە لەبەردەم پرۆسەی لەدایکبوون و وەچەخستنەوە و زۆربوون، جیاکردنەوە و گواستنەوەی منداڵ بەزۆرملێ لە گروپە بنەڕەتییەکەی خۆیەوە بۆ گروپێکی تر (قادر،٢٠٠٦: ١٣٢)، یان زیانگەیاندنی گیانی و بەئەنقەست خستنە ناو بارودۆخێکی سەختەوە، کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێک یان زۆربەی تاکەکانی گروپێکی تاوان لێکراو( هاوشێوەی ئەوەی ڕژێمی بەعس لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفال بەرامبەر بە دەستگیرکراوانی کورد لە زیندانەکانی ( نوگرە سەلمان و دۆز) ئەنجامیدا، بە جینۆساید هەژماردەکرێت (عەباس و ئەحمەد، ٢٠٢١: ٩).

شانبەشانی جینۆسایدی جەستەی حکومەتی عێراق جینۆسایدی بایۆلۆژی دژ بەگەلی کورد پەیڕەو کردووە، کە ئەمجۆرەیان بریتییە لە ڕێگریکردن لە وەچەخستنەوە و زۆربوون و گەشەسەندنی مرۆڤ، لەڕێگەی دانانی سزا بۆ لەدایکبوون(زاوزێ) و زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی خێزان (فەقێ، ٢٠١٢: ٢٢) یان بەهۆی نەزۆککردن و لەباربردنی منداڵ و خەساندنی پیاوان(عبدالعزیز، ٢٠٠٥: ٢٣) یان بەزۆر جیاکردنەوە و دوورخستنەوەی ژن و پیاو لەیەکتری بۆ ماوەیەکی درێژ، یان کوشتنی پیاوەکان و هێشتنەوەی ژنەکان بەبێ پیاو وەک ئەوەی لە پرۆسەی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان جێبەجێکرا بەگشتی جینۆساید هەموو ئەو کردەوانە، کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی تەواو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی و ئاینیی دەگرێتەوە (عەباس و ئەحمەد، ٢٠٢١: ٩). بەگوتەی یەکێک لە ڕزگاربوانی شاڵاوی ئەنفال بەناوی(عەبدول کەریم نایف) ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوە لەکاتی ئەنفال کردنی دانیشتوانی (گوندی کورێمێ)ی لە سنوری پارێزگای دهۆک ژن و پیاوی لەیەکتر جیاکردوەتەوە و لەهەمان ڕۆژدا بە دووری تەنها (٢٠٠) مەتر لە بەشی خوارووی هەمان گوندەوە سەرجەم پیاوەکانی گوند، کە ژمارەیان (٣٣کەس) بووە گولەباران کراون و تەنها ژنەکان ئەنفال کراون وەرگیراوە لە(سلێمان،٢٠١٤: ١٠٣).

حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کورد و لەناوبردنی خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد تەواوی شێوازە جیاوازەکانی جینۆسایدی جێبەجێکردووە. کۆمەڵکوژی و شوێنبزرکردنی زیاتر (٨ هەزار) نێرینەی بارزانی لەساڵی ١٩٨٣، کە ئەم پرۆسەیە بەچوارقۆناغ جێبەجێکراوە، قۆناغی یەکەم بەدەستگیرکردنی هەندێک کەسایەتی دیاری بارزانییەکان لە ٢٩-١٩٨٣/٧/٣٠ دەستی پێکردووە، قۆناغی دووەم بەکۆمەڵگرتنی ڕەگەزی نێری بارزانییەکان لە کۆمەڵگە زۆرەملێکانی (قوشتەپە، قودس و قادیسە) لە ٧/٣١ دەستی پێکردووە، قوربانیانی ئەم

ڕەشبگیرییە تەمەنیان (١٤-٧٠ساڵ) بووە، قۆناغی سێیەم لە ٨/١٠ بە ڕەشبگیری بارزانییەکان لە کۆمەڵگازۆرەملێکانی (بەحرکە، دیانا، هەرێر) درێژەپێداوە، قۆناغی چوار و کۆتایی ڕژێم لە ١٩٨٣/١١/١٠ دەستیکردووە بە ڕاوەدوونان ئەوانەی تەمەنیان (١٢-٨٠ ساڵ) بووە و بەهەر هۆکارێک لەو ڕەشبگیریانەی پێشوو ڕزگاریان بووە دەستگیری کردوون (سلێمان،٢٠١٤: ٣٧) و(مەلا شاخی، ٢٠٠٧: ١٣-١٤) لەشاری هەڵەبجە چەکی قەدەغەکراوی کۆکوژ لە جۆری گازی (VX) بەکارهێناوە، کە کاریگەری تەندروستی درێژخایەنیان بەجێهێشتووە بەتایبەتی لەسەر ژنان، لە هەندێکیاندا بووە بەهۆی لەبارچوونی کۆرپەلە، بەتایبەتی کاتێک ئەم گازە لەگەڵ ئەنسراکس و بەکتریای ژەهراوی لە دروستکردنی چەکی بایلۆژیدا بەکاردەهێنرێت و دەبێتە هۆی شێتبوون یان لەبارچوونی کۆرپەلە و ڕێگریکردن لە وەچەخستنەوە، ئەمەش جگەلەوەی جینۆسایدێکی فیزیکییە بە جینۆسایدی بایلۆژیش هەژماردەکرێت (نامق،٢٠١٣: ٥٣). لەو کۆمەڵکوژیەدا زیاتر لە (٥هەزارکەس) لە خەڵکی سڤیلی شارەکە لەناوچووە. لە شاڵاوی ئەنفالەکانیشدا زیاتر لە (١٨٢هەزارکەس) خەڵکی بێ گوناهی گوندەکان لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە زیندەبەچاڵ و کۆمەڵکوژی کراون، کە تەنها گوناهیان کوردبوون بووە دڕندەیی سیاسیەتی بەعس لە پاکتاوکردنی کورد و هەوڵەکانی بۆ تواندنەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی کورد لەعێراقی عەرەبی دەخاتەڕوو( ساڵح، ٢٠١٦: ٣).

شاڵاوی ئەنفال پرۆسەیەکی سیاسی و سەربازی گشتگیری پلان بۆ داڕێژراو بوو، کە ڕژێمی بەعس بە هەشت قۆناغ لە ١٩٨٨/٢/١٨- ١٩٨٨/٩/٦ جێبەجێکرد و تێیدا ڕووبەرێکی فراوانی جوگرافیای لەباشوری کوردستانی کردە ئامانج لەوانە: (دۆڵی جافایەتی، سەرگەڵو، بەرگەڵو، شارباژێڕ، شارەزوور، قەرەداغ، گەرمیان، گۆپتەپە، عەسکەر، ئاغجەلەر، شوان، شێخ بزێن، دەشتی کۆیە، دەشتی هەولێر، پشدەر، مەرگە، دۆڵی بالیسان، وەرتێ، ئالان، خۆشناوەتی، باڵەکایەتی، ئامێدی، ئاکرێ، شێخان، زاخۆ) (فەقێ، ٢٠١٧: ٩٠) و (مەلاشاخی، ٢٠٠٧: ١٩-٢٤).

حکومەتی عێراق بەکۆمەڵکوژی کورد لە پرۆسەکانی جینۆسایدی بارزانییەکان و پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و ئەو شارۆچکە و گوندانەی کیمیابارانی کردوون ژمارەی دانیشتوان کوردی لە باشوری کوردستان کەمکردوەتەوە، بەمەش تاڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بووە لە گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتوانی کورد لەعێراق (دزەیی، ٢٠٠١: ٣٤). جگە لە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان دابەشبوونی چڕی و گەشەی سروشتی دانیشتوان یان دابەشبوونی ژینگەیی (شارنشین و گوندنشین) بە گرنگترین ئاکام و دەرئەنجامە خراپەکانی جیۆساید دادەنرێت، کە ڕوخساری دیمۆگرافیای باشوری کوردستانی گۆڕیووە و ئاستی ئاوەدانی و گەشە و پێشکەوتنی ناوچەکە و خەڵکەکەی تا ئاستێکی بەرچاو دابەزاندووە( حەمەدئەمین، ٢٠١٩: ١١١). کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان کاریگەری نەرێنی و خراپ لەسەر ڕەوشی شارستانی دروست دەکات، چونکە شارستانی بەرهەمی پێشکەوتنی عەقڵ و دەستکەوتەکانی مرۆڤە.

سیاسەتی جینۆساید تەنها لەڕووی مرۆییەوە کاریگەری خراپی بۆ سەر لایەنی شارستانی باشوری کوردستان دروستنەکردووە، بەڵکو دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتە دڕندانەیە لەسەر ڕەوشی ئاوەدانی گوندو شار و شارۆچکەکان ڕەنگدانەوەی خراپی هەبووە بەجۆرێک تەنها لە شاڵاوی ئەنفالدا، کە فراوانترین ڕووبەری گرتبوویەوە بووە بەهۆی وێرانکردنی زیاتر لە (٤٠٠٠گوند) و (٤قەزا) و (٣ناحیە) بەجۆرێک نزیکەی ٩٠٪ گوندەکان و زیاتر لە (٢٠) شار و شارۆچکە بەتەواوی وێرانکراون و نزیکەی ١٠٪ خەڵکی باشوری کوردستان بۆ ئەو کاتە لەناوبراون، سەرەڕای هەموو ئەوانە ڕژێمی بەعس بۆ ڕێگریکردن لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان گوندنشینانی بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێ گواستووەتەوە ناوچەکەشی بە نزیکەی (١،٥ملیۆن) مین مینڕێژ کردووە ( ووچ، میدڵ ئیست ، ١٩٩٩، ٨٥).

**تەوەری دووەم: دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی جینۆسایدی ئابووری لە باشوری کوردستان**

جینۆسایدی ئابووری یان (وێرانکردنی ئابووری)، لەم جۆرەیاندا ژێرخانی ئابووری تووشی داڕمان و وێرانکردن دەبێت، کە دواجار ڕیشەکێشکردنی ئابووری نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە وەکو ڕاگواستن و دوورخستنەوەی گروپێکی مرۆیی لە زێد و نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان و گواستنەوەیان بۆ ژینگەیەکی جیاواز کە هۆکارەکانی ژیانی تێیدا کەم بێت و ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی برسیەتی(دزەیی، ۲۰۰۱: ٤٧). بەشێک لەم سیاسەتە تاوانکارییە بەهۆی وێرانکردنی سەرچاوەکانی سامانی سروشتی و لەنابردنی بەربوومی ناوچەکان، یان بەهۆی تاڵانکردنی سامان و ماڵ و موڵکی خەڵکی لەوانە کەلوپەل و پێداویستی ژیانی ڕۆژانە وەکو، بەتاڵانبردنی شتومەکی ناوماڵ و دەرگاو پەنجەرە، یاخود بەهۆی گەمارۆدانی ئابووری و برسیکردنی خەڵکی پیادە دەکرێت، هەموو ئەمانەی باسکراوە دەبنە هۆی نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان وەکو خۆراک و دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان و زیادبوونی نەخۆشی، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا لەناوچونێکی هێواش و لەسەرخۆیە، هەندێکجار سەختی و نالەباری ئەو بارودۆخە وا لە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە دەکات کۆچ بکەن و دەبێتە هۆی وێرانکردنی ناوچەکان، داڕمانی ئابووری تاوانێکی دیکەیان لێدەکەوێتەوە، کە پێدەوترێت ( ئیکۆساید-Ecocied) یان وێرانکردنی ئیکۆلۆژیا و لەئەنجامدا جینۆسایدی گشتی لێدەکەوێتەوە (گوڵ، ۲۰۱۰: ۲٤). لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە جینۆسایدی ئابووری دانی پێدانراوە، کە بەگوێرەی پرۆتۆکۆڵیساڵی (۱۹۷۷) و بەندی (١٤) لەپاشکۆی (ڕێکەوتننامەی جنێف)ی ساڵی(۱۹٤٤) برسیکردنی خەڵکی مەدەنی و وێرانکردنی سەرچاوەکانی ژیانیان قەدەغە کراوە(شێخ مستەفا، ۲۰۱۰: ۳۱-۳۲).

**گرنگترین ئەو شێواز و میکانیزمانەی، کە لەپیادەکردنی جینۆسایدی ئابووری لە باشووری کوردستان بەکارهێنراون ئەمانەن:**

١- ڕاگواستنی زۆرەملێ و ئاوارەکردنی خەڵکی لەزێدی ڕەسەن و شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە بۆ جێگایەکیتر بەبێ خواستی خۆیان، یاخود ناچارکردنی خەڵکی بۆ کۆچکردن بۆ جێگایەک، کە پێداویستییەکانی ژیان وخزمەتگوزاری تێدا نەبێت و بۆ ژیانکردن ژینگەکەی لەبارو گونجاو نەبێت (حسێن، ۲۰۱۷: ۳۸). ڕاگواستن ئامانجێکی ستراتیژی ڕژێمی بەعس بووە، کە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن و بەرزەفتەکردن و قڕکردن و سڕینەوەی نەژادی کورد شانبەشانی پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردن بەکاریهێناوە، بەعس بە سیاسەتی ڕاگواستن هەوڵیداوە مۆرکی کوردبوون بسڕێتەوە، بە بەرتەسککردنەوەی سنوری ناوچە کوردنشینەکان ویستویەتی ڕووبەری کوردستان بچووک بکاتەوە، بۆیە ڕاگواستن جگە لە مەبەستی سیاسی چەندین مەبەستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و پەروەردەیشی لەخۆگرتووە (محەمەد، مراد حەکیم،۲۰۰٤: ۱۰۷-۱۰۸).

ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکان و بەتاڵانبردنی موڵک و ماڵیان بەتایبەتی ئاژەڵەکانیان و بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، کە سەرچاوەی ژیانیان بووە و ڕووخاندنی خانووەکانیان و تێکدانی ڕێگاوبان و لەوەڕگاو کوێرکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو و بیر و کارێز و کانیاوەکان و دەستگرتن بەسەر زەوی و زار و ڕەز و باخ و کێڵگەکان



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

و نەهێشتنی ڕوخساری ئاوەدانی،  لەئەنجامدا ٧٥٪ خاکی باشوری کوردستان، کە بۆ کشتوکاڵکردن بایەخدار بووە بێ کەڵکراوە. هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە دامودەزگا خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەوانە( قوتابخانە، نەخۆشخانە، مزگەوت و کڵێساکان) خاپور کراون، بەجۆرێک تەنها لەساڵی ١٩٨٧ (٢٤٥٧) مزگەوت و شوێنی خوداپەرستی، (٨٥) دێر و کڵێسا وێران کراون (سورمێ، ٢٠٠٦: ٩٢-٩٣).

ڕاگواستن هاوکات بەیەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەورەبوونی قەبارە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکانی باشور کوردستان دادەنرێت، بۆ نمونە ژمارەی کۆچکردن  بۆ نێو زۆربەی شارەکانی باشوری کوردستان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، کە شاری هەولێر لە ( ١٩٣،٥٥٨بۆ ٤٤٥،٩٣٧) بە ڕێژەی ١١،١١٪ زیادیکردووە، شاری سلێمانی لە (١٧٥،٤١٣ بۆ ٣٦٤،٠٩٦) بەڕێژەی ٩،٧٪ زیادیکردووە، شاری دهۆک لە (٤٠١٩١ بۆ ١١٤،٣٢٢کەس) بەڕێژەی ١٦،٧٪ زیادیکردووە، هاوکات لە شارۆچکەی کەلار ژمارەی دانیشتوان لەهەمان ماوەدا بەشێوازێکی زۆر ناسروشتی تەقیوەتەوە و لە(٩٢٧٤ بۆ ٦٣،١٠٢کەس) بەڕێژەی ٥٢،٧٪ زیادیکردووە، لەڕانیە ژمارەی دانیشتوان لەهەمان ماوەدا لە( ٧٩٣٢ بۆ ٤٩،٩٨٦کەس ) بە ڕێژەی ٤٨،١٪ زیادیکردووە، هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارانە زیادکردووە و لەڕووی ئامار و ژمارەی دانیشتوانەوە بە پەرەسەندن دادەنرێت، بەڵام لەڕووی شارستانییەوە دەکرێت ئەم دیاردە بە(گوندبوونی شار) دابنرێت، چونکە هاتنی کۆچکەران بۆ نێو شار نەبووە بەهۆی شارستانی بوونیان بەڵکو بووە بەهۆی دەرکەوتنی خەسڵەتگەلێکی شێوازی ژیانی لادێیانە لە نێو شارەکاندا، چونکە شارەکان خاوەنی زەمینەیەکی پتەوی ئابووری نەبوون هەتاکو بتوانن ئەو خەڵکە گوندییانە بکەنە شارستانی و بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆر لەو خەڵکانە خەسڵەت و بەها و نۆرمەکانی لادێنیشیان بەسەردا زاڵبوو، هەرچەندە لەڕووی ماڵییەوە کەرەستە و تەنانەت جۆری کەلوپەلی ناوماڵیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەڵام ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و هۆشیاری کۆمەڵایەتییان بەڕێژەیەکی کەمتر گۆڕاوە، بەلای گوندنشینەکانەوە ئاسان نەبووە دەستبەرداری  بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر ببن، نەک داب و نەریت و بەهاکانیان بگۆڕنەوە بە بەهاکانی شار بۆیە لە نێو شاردا تووشی دواکەوتوویی کەلتوری بوونەتەوە(محەمەد، مراد حەکیم، ٢٠٠٤: ٢٠٦-٢١٢) ڕەنگە ئەمە هۆکارێکی گرنگ بێت، کە هەندێک لە شارەکانی باشوری کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا سیمای گوندی پێوە دیاربووە.

بەشێک لە ڕاگوازراوەکان لە ئوردوگای زۆرەملێ نیشتەجێکراون، کە شوێنی ڕاستەقینەی ئەوان نەبووە و بەڵکو ڕژێمی بەعس بۆ لەناوبردن و کۆتاییهێنان بە بزوتنەوەی چەکداری و هەر جوڵانەوەیەکی بەرهەڵستکاری دژی ڕژێمەکەی بەر لە پرۆسەی ئەنفال و دوای پرۆسەی ئەنفالیش ئەم ئۆردوگانەی دروستکردووە، لەوانە ئۆردوگاکانی ( بەحرکە، قوشتەپە، دارەتوو، بنەسڵاوە، باینجان، بازیان، گردەچاڵ، سمود، نەسر، باریکە، قادرکەرەم، شۆڕش....) ڕژێم لەم ڕێگایەوە توانیویەتی جگە لە کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی دانیشتوانی ناو ئۆردوگاکان و لە قاڵبدانی چالاکییەکانیان هەتا ئاستی نەهێشتنی مەترسییان خەڵکەکەی لە تاکێکی بەرهەمهێنەوە، کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیانەوە خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشە دەستییەکان بوون بۆ تاکێکی بەکاربەری بێکاری بێدەسەڵات گۆڕیوە، بەجۆرێک هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی سەختکردبوون و خستبوونیە دۆخێکی ناچارییەوە، کە ببنە موچەخۆر و چەکدار و



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

داردەستی حکومەت (سەعید و عومەر، ٢٠١٩: ١٥١-١٥٢). جگەلەوەی کۆمەڵگەزۆرەملێکان خۆیان بنەمایەکی شارستانی و ژیانی شایستەیان تێدا نەبووە و خەڵکەکەی لەخراپترین ئاستی گۆزەراندا ژیاون، هاوشێوەی زیندانێکی گەورەش بووە هیچ دەرفەتێک بە دانیشتوانەکەی نەدراوە هەتا پێشبکەون و بتوانن لەڕووی شارستانییەوە گەشەبکەن.

پرۆسەی ڕاگواستنی دانیشتوان جگەلە لێکەوتە خراپەکانی لەڕووی سیاسییەوە، کە بووە بەهۆی لەناوبردن و قڕکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان و هاندەرێکیشبووە بۆ کۆچکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوان بۆ دەرەوەی وڵات، کە کاریگەری نەرێنی بۆسەر پرۆسەی سیاسی لەباشوری کوردستان بۆ ئێستا و داهاتوو بەجێهێشتووە، هاوکات چەندین ئاکامی خراپی بۆ سەر ئاوەدانی و ئاستی خزمەتگوازاری شارەکانیش دروستکردووە، کە لەسەر ڕەوشی شارستانی کاریگەری نەرێنی هەبووە لەوانە: أ- نیشتەجێبوونی دانیشتوان لەناوچەکانی قەراخ شارەکان بووە بەهۆی گۆڕانی سیمای شارەکان و دروستبوونی دیاردەی بە گوندبوونی شارەکانی لێکەوتوەتەوە .

ب- تیکچوونی ڕەوشی ئابووری و بڵاببوونەوەی هەژاری و بێکاری لە شارەکان بووە بەهۆی دەرکەوتن و زۆربوونی دیاردەی دوور لە شارستانی وەک سواڵکردن .

ج- خراپی ڕەوشی ئابووری و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی ولایەنی دەروونی و نەبوون یان کەمی خزمەتگوزارییە گشتییەکان وەک (پێداویستییە خۆراکییەکان و کەلوپەل و هاتوچۆو....)چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لێکەوتوەتەوە (حەمەدئەمین، ٢٠١٩: ١١٤). هەموو ئەوانەی باسکراوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەن، کە ڕاگواستنی سیاسی وەک ئەوەی حکومەتی عێراق بەرامبەر گەلی کورد پیادەی کردووە چەندین کاریگەری نەرێنی دیار و هەست پێکراوی لەسەر ڕەوشی ژیان و ئاستی پێشکەوتن و لایەنی شارستانی باشوری کوردستان بەجێهێشتووە.

**٢-** سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، کە بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی ژیانیان لە خەڵکی ئەم ناوچانە قەدەغکردووە و تووشی دۆخێکی سەختی کردبوون، لەدوای پرۆسەی ئەنفال و داگیرکردنەوەی ئەم ناوچانەش، حکومەت دەستی بەسەر گوندەکاندا گرتووە بەتایبەتی زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچە شاخاوییەکان، کە نزیکەی (٧٦٢) گوندی مینرێژکردووە و لە دانیشتوانەکەی قەدەغە کردووە ئاوەدانی بکەنەوە.

٣- بەهۆی سوتاندن و وێرانکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و کێڵگە و ڕەز و باخ و ژەهراویکردنی خاکەکەی بەگازی ژەهراوی و وێرانکردن و کوێرکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو کانی وکانیاوەکانەوە ژێرخانی ئابووری باشوری کوردستانی هەڵتەکاندووە، لێکەوتە خراپەکانی ئەو سیاسەتە تاوانکارییە دۆخی ئابووری کوردستانی بەجۆرێک وێرانکردووە بۆ چەندین ساڵی دواتریش گەلی کورد نەیتوانیوە لەڕووی ئابوورییەوە خۆی بگرێتەوە و پێداویستییەکانی خۆیان پێ دابین نەکراوە (دزەیی، ٢٠٠١: ٤٨-٤٩).

٤- بەهۆی جینۆسایدی ئابوورییەوە لەچوارچێوەی پرۆسەکانی ئەنفال و ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، بەشێکی زۆری پیشەسازییە دەستییەکان لەناوچوون، هەرچەندە زۆرێک لەم پیشانە سادە و ساکاربوون، بەڵام سەرچاوەی داهات و گوزەرانی خاوەن پیشەکان بوون، هەروەها بەهۆی وێرانکردن و قەدەغەکردن و لەناوبردنی

ڕێگاکانی هاتووچۆی نێوان گوندەکان و سەنتەری شارۆچکە و شارەکان پرۆسەی بازرگانی ناوخۆ و بازاڕکردن لاوازبووە(حەمەدئەمین، ٢٠١٩: ١١٣). لێکەوتە خراپەکانی جینۆسایدی ئابووری تەنها کاریگەری بۆ سەر باشوری کوردستان نەبووە، بەڵکو کاریگەری بۆسەر ئابووری دەوڵەتی عێراقیش هەبووە، بەتایبەتی لەڕووی ژینگەیی و داهات و دەرامەتە کشتوکاڵییەکانەوە، چونکە کوردستان دەوڵەمەندبووە بەسەرچاوەی دەرامەتی سروشتی و مرۆیی و دەستیکار و بەهۆی کوشتن و ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی لە شارستانی مرۆیی دوورخراونەتەوە(درویش،٢٠١٧: ٤٣٠) ڕەوشی ئابووری و شارستانی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە پێکەوەیان گرێدەدات هەر بەرەوپێشچوون و گەشەکردنێک یان تێکچوون و داڕمانێکی لایەنی ئابووری ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر لایەنی شارستانی دروست دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە ئابوورییە سەختەی لەهەشتاکانی سەدەی بیستدا باشوری کوردستانی پێداتێپەڕیووە ڕەوشی ئاوەدانی و شارستانی باشوری کوردستان لە خراپترین ئاستدا ماوەتەوەو کاریگەری نەرێنی درێژخایەنیشی دروستکردووە.

تەنها زیانە ئابوورییەکانی پارێزگای کەرکوک لەماوەی ١٩٨٧-١٩٨٨ بریتییبووە لە : ڕووخاندن و تەختکردنی زیاتر لە ٧٨١ گوند و ٦ ناحیە، ٣٩١٧٨ خانوو، ٥٢ عەمارو ماتۆڕی ئاو، ٤١ مەکینەی ئاش، ١٣٥ کارێز و ئەستێڵ تەقێنراونەتەوە، ١٤٣٥ ڕەز و باخ سوتێنراون، ١٧٢٢٠ مەکینە و تەراکتۆر سوتێنراون یان بە تالانی براون، نزیکەی ٤٧٢٧٧٩ سەر مەڕ و بزن ونزیکەی ١٥٠٠٠سەر ئاژەڵی گەورە و ڕەشەووڵاغ فەوتێنراون و بەتالانی براون، نزیکەی ٥٧٠٠٠تەن دانەویڵە و گەنم و جۆ سوتێنراو یان بەتالانی براون(نامق، ٢٠١٣، ٧٢-٧٣). بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە، کارەساتی گەورەی ژینگەیی ئایکۆلۆژی دروستبووە، کە بووە بەهۆی شێواندنی ڕواڵەتی گیانلەبەر و ڕووەکی ناوچەکە، بەهۆی لەناوچوونی ڕووبەرێکی فراوان لە ڕەزو باخ و کێڵگە چەم و کانی و سەرچاوەکانی ئاو هاوسەنگی ژینگەیی لاسەنگ کردووە (ڕەئوف، ٢٠١٤: ٤٣).

### تەوەری سێیەم : جینۆسایدی کەلتوری و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی باشوری کوردستان

کەلتور بەگشتی بەرهەم و دەستکەوتی ماددی و مەعنەوەی مرۆڤە لەو ژینگە جوگرافییەی تێیدا دەژی، کەلتوری گیانی یان مەعنەوی بەرهەمی هۆشیاری کۆمەڵاتی و ژیاریی مرۆڤ پێکدەهێنێت لەوانە ( زمان، خۆڕەوشت، ئایین، بیروباوەڕەکانی مرۆڤ، خۆشی و ناخۆشییەکانی، هونەر و وێژە، داب و نەریتەکانی، بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان...)، هەرچی کەلتوری ماددییە هەموو شتانە دەگرێتەوە، کە دروستکراوی دەستی مرۆڤە لەوانە : جلوبەرگ، خواردەمەنی، خانووبەرە و بیناسازی، هەموو ئەو ئامراز و ئامێرانەی وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی ژیان دروستیکردوون (دزەیی، ٢٠٠١: ٢٢).

جینۆسایدی کەلتوری یەکێکیترە لەو فۆرمانەی قڕکردن و لەناوبردن، کە ڕژێمی بەعس دژ بەگەلی کورد پیادەیکردووە، جینۆسایدی کەلتوری واتە دەستگرتن بەسەر کەلتور و فەرهەنگ و زمان و شێواندنی مێژوو و بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریتە باوەکانی نەتەوە و گروپێکی ئیتنیکی دیاریکراو و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ژیار و شارستانییەت و مۆرکی نەتەوەییان (عەبدوڵا و فەتاح، ٢٠١٩: ١٦٠). هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان



JSH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وەک پەیکەرە کۆنەکان و ئەشکەوت و مۆزەخانە و کۆشک و قەڵا دێرینەکان و تێکدانی گەڕەک و بازاڕ و مزگەوت و پەرستگا و کڵێسە و هەر شوێنەوارێک، کە هەڵگری مۆرک و تایبەتمەندییەکی دیارکراوی شێوازی ژیانی خەڵکەکەی بێت کۆن بێت یان نویێ( گوڵ، ٢٠١٠: ٢٤)، بەعس لە چوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەخراپترین شێوازی جینۆسایدی کەلتوری پیادەکردووە، کە تەنها لە ئەنفالی ناوچەی گەرمیاندا ٣٨١ قوتابخانە، ١٥٧ تەکیە و خانەقا و گۆڕی پیاوچاکان و شوێنەواری ئایینی، ٦٥٧ مزگەوت و جێگای نوێژکردن و ٦٩ نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی وێران و تەخت کردووە(. تەنها لە پرۆسەی ئەنفالدا نزیکەی ٣١٠٠مزگەوت و ١٠٠ کڵێسا ڕوخێنراوە (ڕەئوف، محەمەد، ٢٠١٤: ٣٤ و ٤٣).

بەزۆر سەپاندنی زمانی نەتەوەی باڵادەست بۆنمونە سەپاندنی زمانی عەرەبی لە باشوری کوردستان ، یان قەدەغەکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی لە بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکان و لەناوبردنی شوێنەوارە دێرین و کەلتورییەکان بەبیانووی دروستکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری وەک بەنداو پرد و ڕێگاوبان، یاخود لەناوبردنی پاشخانی ئەدەبی و هونەری ئەو گروپانەی تووشی ئەم هەڵمەتانە دەبنەوە، یان نوسینەوە و داڕشتنەوەی مێژوویەکی هەڵە بەجۆرێک ڕاستییەکان بشوێنرێت لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوە سەردەستەکان بنوسرێتەوە، بۆچەسپاندنی لە مێشکی تاکەکانیدا لەپرۆگرامی خوێندندا جێگیربکرێت وەک ئەوەی ڕژێمی بەعس لەهەشتاکانی سەدەی بیستەمدا جێبەجێکرد بە جینۆسایدی کەلتوری هەژماردەکرێت(حمد،٢٠١٩: ١٢٧). ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە لە جینۆساید نەهێشتنی تایبەتمەندی نەتەوەیی و لەناوبردنی گیانی هاوکاری و بەرژوەندی هاوبەشە لەنێوان تاکەکانی نەتەوەدا و لەبری ئەوە باڵادەستکردنی مێژوو و کەلتوری سەپێنراوە، بۆنمونە ڕژێمی بەعس لەڕێگای ئەم فۆرمە لە جینۆساید توانیویەتی هەژموونی خۆی بەسەر کەلتوری کورددیدا زاڵ بکات(وەیسی،٢٠١٧ :١٩٠-١٩١).

ڕێگاکانی ئەنجامدانی جینۆسایدی کەلتوری زۆر و جیاوازن، بۆ نمونە گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵ بەبێ ویستی خۆیان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکیتر، کە لەڕووی نەتەوەیی و ڕەگەزی و نەژاد یان ئایین لە گروپە بنچینەیەکەی خۆیان جیاواز بێت، بەگوێرەی برگەی (٥)ی ماددەی (٢)، کە لە ڕێکەوتننامەی جینۆسایددا ئاماژەی پێکراوە، ئەمجۆرەیان بە شێوازی پێنجەمی تاوانی جینۆساید دادەنرێت، چونکە دەکرێت منداڵ بەهۆی گواستنەوەی بۆ گروپە نوێیەکە، کە لەڕووی زمان و کەلتور و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیانەوە جیاوازن لە گروپەکەی خۆیان و بەتێپەڕبوونی کات هزر و هەستیان بۆ زمان و مێژوو و کەلتوری گروپە نوێیەکە زاخاو بدرێت و لەسەر ڕەوشت و بیروباوەڕ و لایەنی سیۆسیۆلۆژی ئەو گروپە ڕابهێنرێن هەتا ڕادەی بیرچوونەوە و دەستبەرداربوونی گروپە بنیچینەیەکەی خۆیان و لە ناو گروپە نوێیەکەدا بتوێنەوە(حسێن، ٢٠١٧: ٤٣).

لەئەگەری گواستنەوەی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گورپێکی تر بێئەوەی ڕەوشی ژیان و گوزەران و دەروونیان خراپ بێت و توندوتیژی و هەڵسوکەوت و مامەڵەی خراپیان بەرامبەر بکرێت واتە (تەنها ڕاگواستن بۆ کۆمەڵێکی دیکە بەڕێز و حورمەتەوە) بە جینۆسایدی کەلتوری هەژماردەکرێت، لەئەگەری ئازاردانی جەستەیی یان خراپی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی ئەو منداڵانە ئەوا (جینۆسایدی جەستەیش) دێتە سەر و دەبێتە دوو تاوان. ئەوەی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە منداڵانی کورد ئەنجامیداوە دەچێتە قاڵی هەردوو جۆرەکەی جینۆسایدی جەستەی و کەلتوریش، ئامانجی ڕژێمی بەعس لە گواستنەوەی منداڵی کورد بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق بۆ لەناوبردنی زمان و کەلتور و مێژوو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بووە، بۆ نمونە لەکاتی ڕاگواستنی (١٥٠-٣٠٠) هەزار کورد لەماوەی ساڵانی(١٩٧٥-١٩٧٨) بەرەو بیابانەکانی سنوری ئەردەن و سعودیە و ڕومادی و ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاست و باشوری عێراق هەزارەها منداڵی

کورد سەرەڕای ئازار و ئەشکەنجەدان و برسیکردنیان تووشی جینۆسایدی کەلتوری بوون و بەزۆرەملێ لە قوتابخانەکانی ئەوێدا فێری زمان و ئەدەب و مێژووی عەرەب کراون و ناچارکراون دەستبەرداری جلوبەرگی کەلتوری کوردی ببن و لەسەر جلوبەرگ و داب و نەریت و کەش و هەوای بیاباب ڕاهێنراون (سورمێ، ٢٠٠٦: ١٢٥-١٢٨). لە ساڵی ١٩٨٣ ڕژێمی بەعس پاش چوار مانگ لە گرتن و شوێنبزرکردنی پیاوانی بارزانییەکان سەرباری خراپی ژیان و گوزەرانی ژن و منداڵەکانیان لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێرەوە بە بڕیاری ژمارە ٤٢٦٦٣/٦/٩ بڕیاری داخستنی ئەو قوتابخانانەی دەرکردووە، کە منداڵانی بارزانییەکان لە کۆمەڵگە زۆرەملێکان تێیدا دەیانخوێند، بەبڕیاری ژمارە (٨٦٠) و بە ڕەزامەندی پارێزگاری هەولێر قوتابخانەکانی ( قودسی تێکەڵاو، قودسی کوڕان و قوتابخانەی قادسیە) داخراوە (محەمەد، ٢٠١٤: ٥٦).

جینۆسایدی کەلتوری لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە تەنها بەرامبەر ڕاگوێزراو دوورخراوەکان ئەنجام نەدراوە، بەڵکو لەئاستی ناوخۆی باشوری کوردستانیش پیادەی کردووە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن و زمانی خوێندن، کە زورترین ژمارەی قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن بەزمانی عەرەبی بووە، ناواخنی کتێبەکانی( مێژوو، جوگرافیا، هاونیشتمانی، ئەدەب..) هەمیشە دەربڕی بڕیارەکانی کۆنگرەی حیزبی بەعس بووە و لەخزمەتی خودی ئەو حیزبەدا بووە و هیچ خزمەتێکی بە مێژوو و فەرهەنگ و کەلتوری کوردی نەکردووە، تەنانەت منداڵانی کورد هیچ گۆڤارێکی تایبەت بە خۆیان بەزمانی زگماکی نەبووە و ناچار دەبوون گۆڤارەکانی (مجلتي و مزمار) بخوێننەوە، کە ناوەڕۆکەکانیان زیاتر پێداهەڵگوتن و ستایشکردنی سەدام و شەڕی قادسیە بووە(سورمێ، ٢٠٠٦: ١٣١).

یەکێکیتر لە شێوازەکانی جینۆسایدی کەلتوری بریتییە لە بەعەرەبکردن واتە گۆڕینی نەژاد و ناسنامەی نەتەوەیی لە نەتەوەیەکی ترەوە بۆ نەتەوەی عەرەب، ئەمەش پرۆسەیەکی گشتگیر و فراوان بووە و گۆڕینی زمان و کەلتور و فەرهەنگ و مێژوو و جوگرافیا و ئادگارە کۆمەڵایەتییەکانیشی گرتبوویەوە، ئەم پاکتاوکردنە کە هەم ئامراز بووە و هەم ئامانج جگە لەوەی سیمای نەتەوەیی کوردی لەناوبردووە، بووە بەهۆی زاڵبوون و باڵادەستی نەتەوەی عەرەب بەتایبەتی ئەو ناوچانەی، کە بۆ کورد گرنگ و ستراتیژی بوون لەوانەش شاری کەرکوک(هەروتی، ٢٠١٢: ١٣).

ڕژێمی بەعس بەمەبەستی شێواندنی مێژوو و کەلتوری شارستانی کورد لەپرۆسەی ئەنفالدا ویستویەتی وا لە گەلانی جیهان بگەیەنێت، میللەتی کورد کۆمەڵەیەکی کێوی و دژی پێشکەوتن و دوور لە شارستانیەتن و تۆمەتی شەڕەنگێز و ئاژاوەچی داوەتە پاڵیان، کە گوایە کورد گەلێکی سەرکەش و یاخیین و دژی ئارامی و ئاسایشی عێراقن (چیا، ١٩٨٧: ١٤٠).

شێوازێکیتری ڕژێمی بەعس بریتیبوو لە لەناوبردنی داب و نەریتە ڕەسەنە کوردەوارییەکان، کە بنچینە و بنەمای سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازێکی گرنگن بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەوشت و بیروباوەڕ و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە. لەگونددا، کە زێدی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەئاستێکی زۆرباشدایە و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کەرەسەتە و پاشماوە فۆلکۆرییەکان دەبینرێت ڕژێم بەهۆی ڕووخاندن و وێرانکردنی گوندەکان ڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان بەشێکی زۆر لەمانەی سڕیوەتەوە، هەروەها کۆکردنەوەی خەڵکێکی بێکار و هەژار لەکۆمەڵگا زۆرەملێکان بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی دزێوی وەک دزی و تاڵانی و کوشتن و خۆفرۆشی و لەشفرۆشی (دزەیی، ٢٠٠١: ٢٢). لە پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفالدا بەشێکی گەورە لە سامان و کەلەپوری نەتەوەیی کوردی لەناوچووە، کە هەندێکیان وەک شوناسی کوردەواری کۆمەڵگەی کوردی ناسرابوون، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە داب و نەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبووە، لەکاتی ڕووخاندن و



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تەختکردنی گوند و شارۆچکەکەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو دیوەخان و مزگەوت و تەکییە و خانەقا ڕووخاوە لەگەڵیشیاندا ژمارەیەکی بەرچاو دەستنوس و بەیاز و پاشماوەی دێرین و کۆنینەی دانسقەی تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردی لەناوچووە(باوەڕ، ٢٠٢٤: ٦٥). کەلتوری ماددی و مەعنەوی بەشێکی گرنگی لایەنی شارستانی و ژیاری مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت، بەهۆی جینۆسایدەوە زەرەر و زیانی زۆر بەر کەلتوری کومەڵگەی کوردی کەوتووە و دۆخێکی ناتەندروستی ئابووری و کۆمەڵایەتی دروستکردووە و هیچ دەرفەتێکی بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتن نەهێشتبوویەوە، کە لێکەوتەکانی لەسەر ڕەوشی شارستانی باشوری کوردستان زۆر بەخراپی ڕەنگیداوەتەوە.

**ئەنجام :**

١- ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەکارەستبارترین سەردەم لە مێژووی کورد لە باشوری کوردستان دادەنرێت، کە ڕژێمی بەعس بە دڕندانەترین شێوە جینۆسایدی گەلی کوردی کردووە، بەتایبەتی لەماوەی ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٨، بەهۆی جینۆسایدی جەستەی و بایلۆژییەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا نزیکەی (٢٠٠هەزار) کەسی مەدەنی لەپیاو و ژن و منداڵی کردووە بەقوربانی، لەناوچوونی ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوان لەڕووی دیمۆگرافییەوە کاریگەری خراپی دروستکردووە، لەبەرئەوەی مرۆڤ ڕەگەزی سەرەکییە لە بونیاتنانی شارستانییدا، لێکەوتە و دەرهاویشتەی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان و خراپی گوزەران و ژیانیان بۆ سەر لایەنی شارستانی بە خراپی شکاوەتەوە.

٢- بەهۆی جینۆسایدی ئابوورییەوە ڕژێمی بەعسی سەدامی نزیکەی (٥٠٠٠ گوند) و (٢٠ناحیە) و (٤ شارۆچکەی وێرانکردووە، لەتەواوی ئەو ناوچانەدا هەرچی بنەماکانی ژیان هەبووە لە خانووبەرە و دامودەزگا، کێڵگە و ڕەزو باخ و زەوی کشتوکاڵی ڕوخاندووە و سوتاندویەتی، سەرچاوەکانی ئاوی چەم و کانیاو و کارێزی کوێرکردوەتەوە و بنەمای ئابووری نەتەوەیی کورد، کە زیاتر کشتوکاڵیبووە هەڵتەکاندووە  ژێرخانی ئابووری زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە، کە لێکەوتەکانی زۆر لەسەر ڕەوشی ئاوەدانی و بیناسازیی ڕەنگدانەوەی هەبووە و بووە بەهۆی دواکەوتووی لایەنی شارستانی و ژیاری باشوری کوردستان.

٣- ڕژێمی بەعس لەچوارچێوەی( کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، ئەنفال و کیمیاباران)جینۆسایدی کەلتوری ئەنجامداوە و زیانی گەورە و قەرەبوونەکراوی بە بنەما ماددی و مەعنەوییەکانی کەلتوری کوردی گەیاندووە، کە بەهۆی سیاسەتی (ڕاگواستن، بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن، نیشتەجێکردن لە کۆمەڵگەی زۆرەملێ)، ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە و مزگەوت وتەکیە و خانەقا و کڵێسا و شوێنەوارە دێرینەکانی ڕووخاندووە، جلوبەرگی کوردی و بەشداری کورد لە بۆنە و چالاکییە ڕۆشنبیرییە نەتەوەییەکان قەدەغە کردووە، بەمەش کەلتور و فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردی زیانی گەورەی بەرکەوتووە، لەبەرئەوەی کەلتور چ ماددی بێت یان مەعنەوی بەرهەمی ژیان و پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤە هەر زەرەر و زیانێک لەسەر کەلتور ڕاستەخۆ کاریگەری نەرێنی و خراپ لەسەر ژیار و شارستانی دروستدەکات، بۆیە کۆمەڵگەی کوردی لە باشوری کوردستان لەوماوەیەدا لەڕووی  شارستانی و ژیارییەوە دواکەوتوە .



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**لیستی سەرچاوەکان :**

**١- کتێب بەزمانی کوردی**

- چیا، ١٩٨٧، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان(تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)، چاپی یەکەم، دەزگای ناوەندی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە.

- دزەیی، یوسف،٢٠٠١، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی ( لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر).

- رەئوف، محەمەد، ٢٠١٤، پاکیزەکانی ئەنفال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی .

- سورمێ، هەژار عەزیز، ٢٠٠٦، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن، هەڵوێستی یاسایێ ودەوڵەتی. چەند ئاماژەیەکی نموونەیی لە کورتە لێتوژینەوەیەکدا، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- ساڵح، عەدالەت عومەر، بارزانییەکان لە ڕاگوستنەوە تاکو جینۆساید بەپێی بەڵگەنامەکان فەرمی و مێژووییەکان، کۆنفرانسی جینۆساید لە ناسنامەوە بۆ پرۆژە، نیسانی ٢٠١٦، چەمچەماڵ.

- سلێمان، تەها، ٢٠١٤، جینۆسایدی گەلی کورد ( پشکنین، ئامار و زانیاری، دیکۆمێنت)، چاپی یەکەم چاپخانەی بینایی.

- شێخ مستەفا، گۆران، ٢٠١٠، کاریگەرییە ئابوورییەکانی جینۆساید لەگەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهێل ، سلێمانی.

- عبدالعزیز، محمد رووف ، ٢٠٠٥، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکانی توێژینەوەیەکی تیۆری مەیدانی یە، سلێمانی.

- عەباس و ئەحمەد، گەیلان و جەبار ، ٢٠٢١، ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد، سلێمانی .

- فەقێ، زانا، ٢٠١٢، جینۆساید لە باشوری کوردستان ، ئەنفالی گەرمیان بە نمونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی

- گوڵ، مارف عومەر،٢٠١٠، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنای یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا، چاپی پێنجەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر ).

- محەمەد، مراد حەکیم، ٢٠٠٤، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس دا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی .

- محەمەد، عومەر، ٢٠١٤، کۆمەڵکوژی بارزانییەکان . قۆناغێک بەر لە ئەنفال، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- مەلا شاخی، ژبوبکر محمد حاجی، ٢٠٠٧، ئەنفالی خاڵخاڵان (ئەنفالی چوار)، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروخ، سلێمانی.

- نامق، چنار، ٢٠١٣، ئەنفال و جینۆسایدی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- هەروتی، سەعدی عوسمان، ٢٠١٢، سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی دژ بە کورد لە کەرکوک لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- وۆچ، میدڵ ئیست(ئامادەکردن)، ١٩٩٩، جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی.

**٢- کتێب بەزمانی عەرەبی:**

- قادر، جبار، ٢٠٠٦، قضايا كردية معاصرة. كركوك- الانفال- الكرد و تركيا، الطبعة الاولى، منشورات أراس، أربيل.

**٣- کتێب بە زمانی ئینگلیزی:**

Lemkin, Raphael(1944), Axis Rule In Occupied Europe:, Laws of Occupation Analyies of Gover - ment , proposals, for Redrees, Washington D.C: Carnegie Endowment for Enterntional peace.

**٤- گۆڤارە بەزمانی کوردی**

- باوەڕ، ئەحمەد، ٢٠٢٤، لێکەوتەکانی ئەنفال لەسەر پرسی کلتووری نەتەوایەتی کورد، گۆڤاری جینۆساید، ژمارە(١)، ساڵی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان، گەرمیان (کەلار).

- حەمەدئەمین، هاشم یاسین، ٢٠١٩، ئاکامە جوگرافییەکانی پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد ئەنفالی چوار بە نمونە، گۆڤارا زانکۆیا دهوک، پەربەندا(٢٢)، ژمارە(١).

- حمد، شێروان حسێن، پاکتاوکردنی زمان Linguecide و شێوازەکانی جێبەجێکردنی بەسەر زمانی کوردیدا، ٢٠١٩، گۆڤارا زانکۆیا دهوک، پەربەندا: (٢٢)، ژمارە(١)، (ژمارەکا تایبەت)، سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینۆسایدێ.

- سەعید و عومەر، محەمەد ئەحمەد و مەهدی فاتیح، 2019, ئەنفال: شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاوێشتەکانی، خولی(٦)، ژمارە(١).

- عەبدوڵا و فەتاح، سەلام عەبدولکەریم و ماجید خەلیل، ٢٠١٩، جینۆسایدی کورد و ئەمازیغ لەسدەی بیستەمدا " لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکاریی)، گۆڤارا زانکۆیا دهوک، پەربەندا(٢٢)، ژمارە(١).

- فەقێ، زانا، ٢٠١٧، جینۆسایدی گەرمیان – ئەنفالی ناوچەی (داوودە) بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژمارەیەکی تایبەتە بە یەکەم کۆنفرانسی زانکۆی گەرمیان، خولی (٤)، (گەلاوێژی ٢٠١٧).

- وەیسی،کاروان صالح، تێگەە وجۆرێن جینۆسایدێ: ڤەکۆڵینە مێژووی، گۆڤاریی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارەی تایبەت، سێیەم کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی، سەنتەری بێشکچی بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، زانکۆی دهۆک، تەمووز ٢٠٢٢،

**٥- گۆڤار بەزمانی عەرەبی:**

- درويش، عبدالرحمن كريم، الأسس الفكرية لجرائم الإبادة الجماعية المرتكبة ضد كوردستان العراق. دراسة تحليلية لجرائم العهد البعثي، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجیی، ژمارەی تایبەت، سێیەم کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی، سەنتەری بێشکچی بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، زانکۆی دهۆک، تەمووز ٢٠٢٢.

**٦- گۆڤار بەزمانی ئینگلیزی:**

Dan (2005),Raphael Lemkin on the Holocaust, Journal of Genocide, Vol(7), N(4) Stone,-



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**المستخلص**

يعد الابادة الجماعية أحد أبشع و أخطر الجرائم التي ارتكبتها النظام البعثي ضد الشعب الكردي في الجنوب كردستان، حيث ظهرت أثارها السلبية تاثيرا عميقا في الماضي لحد يومنا هذا، في حين تظهر بعض ابعادها مستقبلا على المجتمع الكردي في الجوانب السياسية، الاقتصادية، الإجتماعية، الجغرافية و البيئية، التاريخية و الحضارية.

هذه الدراسة تسليط الضوء على الأثار السلبية لجرائم الأبادة الجماعية للبارزانين و عمليات الأنفال و القصف الكيميائي لمدينة حلبجة على الوضع الحضاري، ان هذه جرائم لم تستهدف الشعب في كردستان فحسب بل تجاوزت أراضيها، حيث تسببت هذه الجرائم الإبادة الجماعية للسكان و تدمير البنية التحتية الإقتصادية، و تدهور القيم الإجتماعية ، وتشويه التاريخ و اللغة و الثقافة الشعب الكردي، مما انعكس ذلك كله بشكل سيئ و سلبي على مستوى الازدهار و التطور الحضاري في جنوب كردستان .

تتكون هذه الدراسة من مقدمة و ثلاثة محاور رئيسية، المحور الاول خصص للإشارة الى الإبادة الجسدية و الإحيائية (البايولوجية) و تأثيرهما على الوضع الحضاري لجنوب كردستان خلال السنوات (١٩٨٣-١٩٨٨)، اما المحور الثاني فيلقي الضوء على الاثار والنتائج لجرائم الإبادة الإقتصادية على الجنوب كردستان. و يتضمن المحور الثالث الإبادة الثقافية و تأثيراتيها على المجتمع الكردى في جنوب كردستان. وخلصت الخاتمة جميع الاستنتاجات التي توصلت الدراسة اليها.

الكلمات المفتاحية: ( الإبادة الجماعية، الأنفال، القصف الكيميائي، الوضع الحضاري، جنوب كردستان )

**Abstract:**

The Genocide is one of the most heinous and dangerous crimes committed by Baathist regime against the Kurdish people in the southern Kurdistan, as its negative effects have had a profound impact in the past to this day, while some of its dimensions will appear in the future on the Kurdish environmental, historical and society in (political, economic, social aspects, Geographic, cultural).

This study sheds light on the negative effects of the genocidal crimes of Barzanins, the Anfal operations and the chemical bombing of the Halabja city on the cultural situation, these crimes did not only target the people, but also extended beyond their lands, as these crimes caused genocide of the population, destruction of the infrastructure Economic, destruction of the society values, destruction of the history and culture the Kurdish people all of which reflected badly and negatively on the prosperity and civilization development in southern Kurdistan.

This study consists of an introduction and three main axes. The first axis is devoted to physical and biological genocide and their impact on the cultural southern Kurdistan during the The second axis sheds light on the effects of economic genocide on years (1983-1988) consequences economic in southern Kurdistan. The third axis includes cultural genocide and its effects on the Kurdish society in southern Kurdistan. Its conclusion shows the outcome of this study.

Key words: Genocide, Anfal, chemical bombing, civilizational situation, southern Kurdistan).